www.kurdistannet.org
9-2-2003 18:53

# من و
# دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێی پڕ لە جەنگ

حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ

-١-

من چۆن بتوانم ؛لە سای درەختی ڕابردووی عومرا
بە ڕاشکاوی، بیر لە ئێستاکەی خۆم بکەمەوە.
+ پیاوانی گەورە. . ئەی داری کۆتەل
بیەڵن بەدەم شنەی ئازاری یادی دوێنێما تێر بتلێمەوە
ڕێدەن ئەی پیاوان، ئەی پیاوانی زڕ !!
من چۆن بتوانم،
دڵنیا لەژێر تیشکی هەتاوی سبەینێی خەونا
. . . . . بۆ تاوێ بمرم، بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە. . !!
داری زڕ ڕێدەن، لە سای ئێوەوە ؛
* دوێنێم حەسرەتە
* ئەمڕۆم پەژموردە
*سبەینێش، سەختە
****

ئەی پیاوی کۆتەڵ !
ئا ئەم دیوارەی ناوتان لێناوە سوونەتی ژیان. .
چیای بیابانە، قەڵای نێو ئاوە
+کێ بوو لە ئێوە، کامتان لە پێشا، واپیا هەلزنا !؟
ئێستا لە جەرگەی کەنداوی مەرگا قیت ڕاوەستاوە. .
پیاوانی کۆتەڵ، پالەوانی کەچ، لەسای ئێوەوە. .
لە ڕۆژەلاتی پەترۆلدا ئەمڕۆ ؛
مرۆ ئاژەڵە و، ئاژەلیش مرۆ. .
ئاژەلی سبەی ؛
ژەمی ڕۆژانەی کۆکتێلی نەوتە
ئینسانی سبەی ؛بەردی چەور ئەجوێ و
. . . هەمیشە خولیای سەحرا و ئەشکەوتە. . !!
-٢-
* دوێنێم حەسرەتە
* ئەمڕۆم پەژموردە
* سبەینێش، سەختە
-٣-

دوێنێ پالم نا بە ساڵانەوە،
سالیش تەمەنی کەدەر و شوومی بۆ نووسیمەوە. .

ئەمرۆ یاخیم لە وەیشوومەی دوێنێ
کانێ جۆگەلە و، دەریای ڕووباری یادگارییەکانم
تینوویێتی ئەمرۆم هەرگیز ناشکێنێ. . . . . . .
+ ئەمرۆکە خەونت پێوە ئەبینم
ئەی < سبەینێ > ی خەم. .
هێی < سبەینێ > کەی چیای سەخت و تەم !!
ئەمرۆ یاخیم لە هیواکانی خۆم. .
لە سبەینێی تۆ. .
چونکە ئەزانم لەوەیە سبەی ؛
پاشگەز ببمەوە و بمرم بۆ ئەمرۆ !!!

* دوێنێم حەسرەتە
* ئەمرۆم پەژموردە
* سبەینێش، سەختە !!
پیاوانی گەورە !!
من چۆن بتوانم، لە سای درەختی ڕابردووی عومرا
بە ڕاشکاوی، بێ ترس و پەروا. .
بیر لە ئێستاکەی خۆم بکەمەوە
ڕێدەن، بیەلن بەدەم شنەی ئازاری
. . . . . یادی دوێنێما تێر بتلێمەوە !
ڕێدەن، ئەی پیاوان
ئەی پیاوانی زر. . . .
داری زر ڕێدەن، لە سای ئێوەوە ؛

* دوێنێم حەسرەتە
* ئەمرۆم پەژموردە
* سبەینێش سەختە !!!!
سلێمانی / خەزەلوەری ١٩٩٠

**تێبینی کوردستان نێت:**
**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.**
**ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.........  ١٥-١-٢٠٠٣**

www.kurdistannet.org